بەڕێوەبەرایەتی یانەی چێڵسی بڕیاریدا پاڵپشتی ماوریسیۆ پۆچێتینۆی ڕاهێنەری ئێستای تیپەکە بکات

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ڕایانگەیاند، بەڕێوەبەرایەتی یانەی چێڵسی بڕیاریدا پاڵپشتی ماوریسیۆ پۆچێتینۆی ڕاهێنەری ئێستای تیپەکە بکات، جەختیشیان لەوە کردەوە کە لە ئێستادا هیچ نیازێک نییە بۆ دوورخستنەوەی، بەو پێیەی متمانەیان بە تواناکانی پۆچێتینۆ هەیە و هیوادارارن لەژێر چاودێری ئەودا ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستبهێنێت.

ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی یانەکەدا دێت بۆ دڵنیابوون لە سەقامگیری تیپەکە و دووبارە نەکردنەوەی قۆناغە گواستنەوەکان کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئاستی یانەکەی هەبێت لە پاڵەوانێتییە ناوخۆیی و ئەورووپییەکاندا.